# گونجاندنی ڕەنگی کەلوپەلی ناو ماڵەکەت بەشێوازێکی جوان و مۆدێرن

هەمیشـــە جوانی کەلوپەلی نـــاو ماڵەکەت حەز و ســـەلیقەی تۆی خانم دەگەیەنێـــت و پێناســـەی تۆ دەکات. ئێـــواران دوای ماندوبوونێکی زۆر و بەسەربردنی ڕۆژێکی پڕاوپڕ لەماندو بوون و هیلاکیەکی زۆر دەگەڕێیتەوە ماڵەکەت، بۆیە دەبێت ماڵەکەت فەزایەکی زۆر هێمن و خۆشـــت بۆ دابین بـــکات، ئەمەش پێوەندی بە کەلوپەلەکانـــی ماڵەکەتەوە هەیە، لێرەدا چەند نموونەیەکەت پیشان دەدەین بەهیوای سوودمەند بوون، یەکێك لە دیکۆرەکانی ماڵ کە بریتییە لە ژووری دانیشـــتن و حەوانەوە، کە شوێنێکی تایبەت لە ماڵەکەتـــدا دەگرێ بۆ ئەوەی لە نزیکەوە شایســـتەی مۆدەیەکی تایبەت و جوان بێ، ڕەنگە لە شێوازی ئەو جۆرە دانیشتنەوە کارتان نەکردبێ، ئەمەش وەك ستایلێکی تازە لە دیکۆری ماڵەکەت بەدی بکەو گۆڕانکارییەکانیش ببینە.







## بەدی و تیشێرتەک

مـــۆدەکان لەگەڵ وەرز و کاتەکان گۆڕانکاریان بەســـەردا دێ و شـــێوازێکی تـــازە بەدی دەکـــەن لە مۆدەکانەوە، بـــە تایبەت ئەو جلانـــەی کە لەگەڵ مۆدەکانی ڕۆژەوە دەڕۆن، وەك ئەو جلانەی کە تایبەتمەندی و جوانییەکی پێویستی هەیە بۆ خانمان، هەروەها ئەو جلانەن کە بۆ شوێنە گشتییەکان دەپۆشـــرێن و بۆ ڕۆژانی ژیانەوە دەکرێنە بەر، یەکێك لەو جلانە بریتییە لە (بەدی و تیشـــێرت)، ئەو دوو جلە مۆدەیەکی جوان بە جەستەی خانمان دەبەخشن، لەگەڵ

## جوانی گوارەکان لە

کەرەســـتەکانی وەك ئێکســـوارەکان تایبەتمەندی و ڕواڵەتێکی شایســـتە لەخۆ دەگـــرن، تەنانـــەت هەوڵێکی دیکەیـــە بۆ بەدەســـت هێنانی بوار و لایەنەکانـــی جوانی و شـــارەزایی لە کارەکانـــدا، ئێکســـواری گوارەکان لەگەڵ ئـــەوەی خنجیلانەیە کاتێك لە گوێچکەی خانمانەوە دەبێ، هەروەها مۆدەیەکی تایبەتیشـــە لـــە جوانی و ڕازاوەیی کارەکاندا، بۆیە هەنگاوەکان بە پێویســـت دەزانرێن بۆ هەڵبژاردنی ئەو دەستە ئێکسسوارانە، کە جوانی و




## ڕەنگی پەمەیی شای ڕەنـ

جلوبەرگەکان شێوازێکی تازە دەنوێنن بۆ دەرخستنی جوانترین مـــۆدە لە ماڵ و دەرەوە، بە شـــێوەیەك دەکرێ ســـوودیان لێوە وەربگرین لە دانانی ســـتایلێکی تازە و شایستە بۆ جەستەی خانمانەوە، مۆدەی جلەکان شـــێوازێکی تایبەت و ڕازاوە لەخۆ دەگـــرن، تەنانەت دەبێ لـــە ماڵەوەش جلەکان شایســـتەی مۆدەیەکـــی ڕازاوە و کـــراوە بن، بۆیـــە دەکرێ لە ڕێگەی جلەکانی ماڵەوە جوانترین مـــۆدە بەدی بکەین، بەتایبەت









گوڵان
بەرپرسی فایلی ڕەنگاوڕەنگ: ئیڤان گەردی
Email: iwan_gardi@hotmail.com
Mobile: 07504679560




## ـــان رازاوەترت دەكەن

ئەوەی شێوازێكی كراوە و ناسك لە خۆوە دەگرن. مۆدەی تیشـــێرتەكان جوانترە لە نەخشێكەوە دەســـت پێبكات، لەگەڵ ئەوەی شـــێوازێكی سەرنجڕاكێشی هەبێ لە مـــۆدەی جلەكانـــەوە، بەتایبەت ئەو رەنگانەی كە لەگەڵ ئـــەو وەرزە دەگونجێن و شێوازێكی تایبەت بە خۆیانەوە وەردەگرن، ئەمەش وادەكات كە خانمان لەگەڵ جوانی بەدی و تیشـــێرتەكان رابهێنن و شـــێوازەكانی لە مۆدەیەكی تازەوە بەدی بكەن، لەم هەنگاوەدا بەدییەكان تەسك و جوانتریش دەبێ ئەگەر بێ قۆڵ بن.



## ستایلەكانی نوێی قژ بۆ هاوینی (٢٠١١)

بە گشتی ستایلی نوێ بۆ ئەمساڵ ستایلی قژی كورتە لەگەڵ ڕەنگی زەردی ئاڵتونـــی و قاوەیـــی كـــراوە. دوو ڕەنگ كردنی قژ بە گشـــتی ئەمســـاڵ مۆدێلێكی زۆر بڵاوە بەتایبەتی ڕەنگی زەردو سوور. هەر ساڵە و شـــێواز و ستایل و مۆدێلی نوێی قژ بڕین و ڕەنگ كردن دادەهێنرێت، ئەمـــەش چەند نموونەیەكە بۆ تۆی خانم بـــە هیوای ئەوەی بەدڵت بێ، ئەم جۆرە تەســـریحانەش پێكهاتووە لە تەسریحەی دوو رەنگە كە هەر یەكە بە شێوازێكی جوانەوە دەردەكەوێ، شیاوی مۆدەیەكی تایبەت و رازاوەیە، بەتایبەت كاتێك لە بۆنە و یادە گشـــتی و تایبەتییەكان دادەنرێ، دەكرێ سوودیان لێوە وەربگرین لە جوانی مۆدەكانی دیكەوە بۆ ئەوەی شایستەی مۆدەیەكی كـــراوە و رازاوە بێ، ئەمەش وادەكات لـــە نزیكەوە رازاوەترین تەسریحە بەدەست بهێنین لە رەنگی سوور و زەرد، چونكە بۆتە مۆدەیەكی بەربڵاو و كراوە لە كوردستان بە گشتی.

## گوێچكەی خانمانەوە



رازاوەیی دەبەخشن.

گـــوارەكان هـــەردەم لـــە شـــێوازە بچووكەكانـــەوە دەبـــێ، ئەمـــەش لە رێگـــەی دەستنیشـــانكردنی گـــوارە بچووكەكانە، كە شێوەیەك لەخۆ دەگرن، لەگەڵ رەنگێكـــی جوانەوە دیمەنێكی رازاوە دەبەخشـــن، بۆیـــە هەڵبژاردنی مۆدەی لەم جۆرە دیمەنێكە بۆ ناسكی و رازاوەیی لە گوارەكانی گوێچكەدا، بوونـــی رەنگی ئەڵمـــاس لە گوارەكان رێگەیەكە بۆ جوانییەكی بە ئەمەك بۆ گوێچەكەی خانمان.

## ـــگەكانە بۆ جلی ماڵەوە



قات و بیجامەی ماڵەوە.

بەهۆی سەرنجڕاكێشـــی لـــە جلەكانی ماڵـــەوە، كە خانمان بچووكتر و رازاوەتر دەكەن، بۆیە هەڵبژاردنی ئەو دەســـتە جلانە بە شـــێوەیەك دیمەنێكی ناسك و شایســـتە لەخۆ بگرن، دەبێتە هەنگاوێكی تایبەت و كراوە لـــە جلەكانی ماڵەوەدا، هەوڵبدە قـــات و بیجامەكانت لـــە رەنگە مێینەكانەوە بـــێ، لەوانە: پەمەیی، ســـوور، سپی، كە ئەو رەنگانەش دیمەنێكی ناسك و سەرنجڕاكێش لەخۆوە دەگرن.



# کاتژمێرە جوانەکەی هەولێر (بیگ بین)ی هەولێر

ئەگەر سـەردانی باغی شـاری هەولێر بکـەی، بێگومان ئەو کاتژمێرەت دەکەوێتە بەرچاو، کە هاوشێوەی کاتژمێرەکانی جیهان دروسـت کراوە، وەك ئەوەی لە شاری لەندەنی بەریتانیا هەیە، کە بە (بیگ بین) ناسـراوە، شێوەی ئەو کاتژمێرەی خۆمانیش لەوە دەچێ، دیمەنێکی جوانی هەیە و سـەرنجی خەڵك رادەکێشـێ، سوودێکی دیکەشی هەیە کە لـە دوورەوە کات دەزانیت و بۆت دەردەکەوێ، ئەمەش یەکێکە لە کارە جوانەکان کە بۆ رازاندنەوەی کوردسـتان ئەنجـام دەدرێ و دیمەنێکی جوانی هەیە لە دوور و نزیکەوە.



# دیار بەکر شارە جوانەکـ





# نووسینگەی گەڕۆکیش پەیدا بوو

ئەوانەی خاوەن کاری نووسینگە و مێزەکانن، لەلایان ئەستەمە کاتێك شـوێنی کارەکەیان دەگۆڕێ و کەرەسـتەکان لەبەرچاوی خۆیەوە نابن و یان گۆڕانکاری بەسـەر شوێنی کارکردنیاندا دێ، بەمەش کەشێکی ناخۆش دروسـت دەکات، بۆیە چارەسەر بۆ ئەو لایەنەش دۆزراوەتەوە، ئەویش بە دروسـتکردنی نووسـینگەی گەڕۆك، کە دەتوانیت لەگەڵ خۆتەوە گشت نووسینگە و مێزەکەت هەڵبگری و لە شـوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکەی بگوازیتەوە، ئەوەی سەیر بێ، گشت کەرەستەکان دەچنە ناو یەکتر، لە کۆتایی کۆکردنەوەکە دەبێتە عەرەبانەیەکی دەستی و بە پێش خۆتی دەدەیت.



# ـــــەی باکوری کوردستان



کوردستان بە هەر (٤) بەشــەکانییەوە، چەندین دیمەن و شوێن و شاری جوانــی هەیە، هەر یەکەش دەبن بە شــوێنێکی جوان و رازاوە بۆ ئەوەی ئاوێنەی رەنگدانەوەی جوانی کوردستان بن، ئەمجارە گەشتەکەمان بەرەو شاری دیار بەکرە کە بە(ئامەد)ناسراوە، کە شارێکە لە کوردستانی باکوور یان کوردستانی تورکیا، هەروەکو بە پایتەختی کوردستانی تورکیا دادەنرێ، ئەم شارە دەکەوێتە سەر رووباری دیجلە، لە سەردەمی مەعاویەدا لەلایەن عەرەبەوە ناونراوە (دیار بەکر)، کە دووەم گەورەترین ناوچەیە لە ناوچەکانی ئەنادۆڵی تورکیا، ژمارەی دانیشتوانی (٧٢١٠٠٠) کەس دەبێ، زۆربەی کوردن و بە چەندین کەلتوور و کەلەپووری کوردی بەناوبانگە، ئەمەو لە گەرمەی جەنگی یەکەمی جیهان، زۆربەی ئاشــووری و ئەرمەنییەکان ئەم شــارەیان جێهێشت، ئەمەو شــاری دیار بەکر بە خواردنە خۆشەکانی بەناوبانگە، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین کەس هەیە لە کوردستان ناوی نراوە (دیار بەکر) بە کوڕ و کچەوە.

# درێژترین مرۆڤی جیهان بەڕێوەیە



ئەوانــەی خــاوەن باڵایەکــی بــەرز و درێژن، یان بەهۆی نەخۆشــییەوە دەردەکــەون، یان بە شــێوەیەکی سروشــتییەوە باڵایان بــەرز دەبێ، کەچی ئەو منداڵە بەشــێوەیەکی ناسروشــتی گەشــە دەکات و باڵای درێژ دەبێ، کە ئێســتا ئەوەندە و نیوی هاوڕێکانی خۆیەتی، لە وڵاتی بەریتانیا منداڵێکی (٥) ســاڵان باڵای دەگاتە نزیکــەی (١٢٧) ســەنتیمەتر، واتــە زیاتر لە مەترێــك، ئەمەش جیاوازییەکــی زۆری هەیە لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆی. ئەو منداڵە ناوی (جاك ئیفیــز)ە و بە درێژترین منداڵی جیهان و بەریتانیا دادەنرێ، لە ئێســتاوە پێشبینی دەکرێ کە ئەو منداڵە تا تەمەنی (١٥) ســاڵی باڵای بگاتە نزیکەی (٢) مەتر و نیو، بەمەش دەبێتە درێژترین مرۆڤی جیهان.

# تیمساحیش گەیشتە کوردستان

بۆ یەکمجار لە کوردستان تیمساح وەك هەر یەك لە گیانلەبەرەکانی تر بینرا، لە شــاری هەولێر دوکانێکی فرۆشــتنی گیانلەبــەر رازینەرەکان گیانەوەری تیمســاحی نیشــاندا و کەوتە بەر دیــدی هاووڵاتیانەوە، ئەوەی جێگەی باســە ئەو گیانەوەرە بە یەکێك لە گیانەوەرە ترســناك و مەترســیدارەکان دادەنرێت، بەڵام لە کوردستان لەگەڵ کەمی ئەوگیانەوەرە یان نەبوونی ئەوەتا بۆ رازاندنەوە بەکار دێ، ئەوەی دەبێ بگوترێ ئایا لــە داهاتــوودا ئەو بەچکە تیمســاحانە چارەنووسیان بەچ دەگات و چەند نەوە لە دوای خۆیان دروســت دەکەن، بۆیــە ئەگەر بمانەوێ ژینگەی ئێمەش تیمســاحی تێدا بێ، کە هیچ گیاندارێك بەبــێ هۆکار نییە لــە ژینگەدا، دەبێ ژینگەیەکی تــەواوی بۆ دابین بکەین و یان لە شوێنێکی تایبەت بۆ نمایش و سەردانی خەڵکەوە کاری بۆ بکرێ، ئەمەش دەبێتە ئەوەی کە گیانداری بیانی لە کوردستانیش هەبێ.

ئا: رەوەند بەختیار



# سیسەمێک بۆ خواردن


کەرەستە سەیرەکان بە چەندین دیمەنی جوانەوە دروســت دەکرێن، ئەمــەش ئەنجامی بیرۆکە جوانەکانە بۆ ئەوەی شــتێکی نایاب دروست بکرێ لە بیرۆکەیەکی سادەوە، ئەوەی دەیبینین سیســەمێکە، بەڵام بۆ خەوتــن نییە، ناکرێ کەسیش لەســەریەوە بخەوێت، ئەو سیســەمە تایبەت دروست کراوە، دەبێ هێواش هێواش پارچەی لێکەیتەوە و نۆشــی بکەیت، چونکــە ئەو سیســەمە گشــتی پێکهاتووە لە کێك، بۆ جوانی دروســت کــراوە، وەکو لە وێنەکاندا دەبینن چۆن پارچەی لێدەکرێتەوە و دەخوردرێت.






### کاورِ ٣/٢١ - ٤/١٩

تۆ بەمـــە بەناوبانگی کە نهێنی لای کەس نادرکێنی، بەڵام ئەم جارە تووشی هەڵە بوویت، کە نهێنیت لای کەسـێك درکاند کە جێی باوەڕ نەبوو، ئاگاداربە تا جارێکیتر تووشی ئەو هەڵەیە نەبیت.




### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ئەنجامـــی ئەو جموجۆڵـــەی دواییت ڕوون نییە، بۆیە پێویستە دووبارە هەوڵ بدەیتەوە، چونکە ئەم کارە پێویستی بە بەدواداچوون هەیە.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەگـــەر زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ بکەیت کێشـــە خێزانیەکەت بەم زووانە چارەســەر دەبێت، خۆشی لە دەرگات دەدات، گرنگ ئەوەیە قـــەدری ئەو کەســانە بزانیت کە ڕێنماییت دەکەن.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

خۆت بە شـــتی بچووك و بێســـوود خەریك مەکە، لەبەرئەوەی بەخت لەگەڵتە خۆشـــی ڕووت تێـــدەکات و خەمەکانیشـــت کـــەم دەبێتەوە، ئاگاداری بـــاری دەروونیت بە، لەهەڵچوونیش بەدوور بە.



### شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢

بێئومێـــد مەبە، چونکە بـــەم زووانە دەرفەتێکـــی ترت بۆ ڕێـــك دەکەوێ و گـــەر تۆزێك خۆت ماندو بکەی ســـەرکەوتن بەدەست دەهێنی.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئەم دوو دڵی و ڕاڕاییەت هیچ پێویستی بە پاکانەکردن نییە و ئەم ترسەت لەخۆڕاییە، ئامۆژگاری خێـــزان و دەوروبەرەکەت زۆر بەســـوودە بۆت، کەمێك لەسەرەخۆبە تا تووشی هەڵە نەبیت.



## کلکی ئەسپێک (٣) مەترە

ئـــەوەی دەیبینن لە ژیانتـــان نەتانبینیوە، چونکە ئەســـپێکە خـــاوەن درێژتریـــن کلکە، کلکەکەی دەگاتە نزیکەی (٣) مەتر درێژی، کە دەشـــزانین کلکی ئەسپ نزیکەی مەترێك دەبێ، ئەمـــەش دەبێتە یەکێك لە ســـەیرترین ئەسپەکانی جیهان بەهۆی ئەو کلکە درێژەی هەیەتـــی، وەکو لە وێنەکـــەدا دەبینن بە (٢) کەس کلکەکەیان هەڵگرتووە.

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبـــدە ئەو پیتانەی نـــاو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی چیایێکی بەرزی کوردســـتانت بۆ دەربچێ

ف س ن ی ە

وەڵامی ژمارەی پێشوو (کرماشان)

## نوکـــتە

کوڕێـــک دەچێت بۆ داخوازی کچێک. کاتـــی چا دانان، کچەکە لە کوڕەکە نزیـــک دەبێتەوە و چاکەی بۆ دادەنێت. کچەی نەگبەت تۆزێک ســـمێڵی هەیـــە و کوڕەکە دەیبینێت، یەکســـەر دەڵێ: ئەوە چییە ســـمێڵت هەیە؟ کچەکە دەســـت دەکا بە گریان. کوڕەی قەلەمونیش دەیەوێت دڵخۆشـــی باتەوە و دەڵێ: بەسە بەس، پیاو نابێ بگری....

❊❊❊

- بە یەکێک دەڵێن ئەگەر ماتۆڕێکت هەبی چۆن لێدەخوڕی؟!
ئەویش دەڵێ: چ دەکەم. وەک ئەو عالەمەی دەستم لە جامەکەی دەردێنم..

## جیاوازی وێنە!

بۆ زانینی ئاستی زیرەکی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند جیاوازییەك لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە









ئا: فەرهاد محەمەد ئازگەیی

## ئاســـۆیی:

١- ئەکتەرێکی کوردە.
٢- فەیلەسووفێکی فەرەنسی بوو.
٣- پرس(پ)- یانەیەکی رووسی یە – نیوەی ڤیان.
٤- یاریزانێکی بەرازیلی بوو- ناوێکی بیانییە.
٥- پادشـــایەکی عێراق بوو(پ)- کچـــە ئەکتەرێکی میسرییە.
٦- نۆ بە بادینی- دوو پیتی ماف.
٧- تۆراوە(پ)- پلەیەکی سەربازی تورکییە.
٨- رووبار- شاعێرێکی ئیســـپانی بوو(پ) – نیوەی نیان
٩- نیوەی یوســـف- پایتەختی وڵاتێکی ئاسیایە(پ) – نیوەی زیو
١٠-سێ پیتی بیابان.
١١-گۆرانیبێژێکی کوردە(پ).

## ســـتوونی:

١- کچە گۆرانیبێژێکی کوردە خاوەن وێنەکە.
٢- کانزایەکە(پ)- کانزایەکە.
٣- دوو پیتـــی هەژار – کچـــە گۆرانیبێژێکی کوردە.
٤- داستانێکە.
٥- ناي(ت)- وڵاتێکی ئەمەریکیە.
٦- سێ پیتی مودەرس- شار(ت).
٧- بەڕێز – وازی(ت).
٨- بەرزترین چیا لە ئەفریقیا(پ).
٩- نیوەی بیکب- فاوی(ت).
١٠- روخا(پ)- وڵات.
١١- رۆمان نوسێکی کوردە(پ).




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

هـــەوڵ مـــەدە بیروڕای خۆت بەســـەر کەسانی دەوروبەت بسەپێنی، لەوانەیە ئەمە زیانت پـــێ بگەیەنێت و گلەیی و گازاندەی هاوڕێیـــان و دەوروبەرت زیاد بێ لەسەرت.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

دوو چاوپێکەوتنی گرنگ زۆر شـــتی چاکـــی لـــێ دەکەوێتەوە و ســـوودمەند دەبیت، هەواڵی خۆشـــت پێدەگات لە بواری ســـۆزداریەوە، باری دەروونیت بەرەو باشـــی دەچێت.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

کاتی خۆت بە فیڕۆ مەدە بە بیرکردنەوە لـــەم زەرەر و زیانانەی کەپێشـــتر پێت گەیشتوون، تازە ناگەڕێتەوە، هەوڵ بدە دەگەیت بە خەونەکانت.




**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

بە بەردەوامی گرفتەکانت بەرەو کۆتایی دەچن و باری دەروونیت تا ڕادەیەك ئارامە، ئەوەنـــدە بیر لەباری داراییت مەکەوە، دڵتەنگ مەبە باری داراییت باشـــتر دەبێت.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

لەکۆڕێـــك یـــان لەگردبوونەوەیەکی گرنگ بەشـــداری دەکەی کە دەبێتە جێـــی گرنگی پێدانێکی بـــاش، بیروڕات سەنگی خۆی دەبێت، بەم زووانە ئاواتەکەت دێتە دی.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

هەرچەندە تۆ ئـــەو کەســـانەت لەبیر کردووە کـــە تۆیان خـــۆش دەوێ، بەخـــۆت دابچۆوە و ســـەردانیان بکە، با تۆ بەکەســـێکی خراپ تێنەگەن، دڵنیابە ئەوان تۆیان لەیاد نەکردووە.

## مانای شتەکان لە خەوندا

شـــەکر: شەکر لەخەودا خۆشی و شـــادی و چاکبوونەوەی نەخۆش و نەمانی خەم و خەفەت و بەدیهاتنی هیواو ئامانجە، ئەگەر ئافرەتیش بێت ئافرەتێکی خانەدانە، ئەگەر کوڕیش بێت ئەو کوڕە زیرەك و داناو زانیارەو بەشـــداری لە بەهرەو هونەری خەڵکی دیکە دەکات، ئەگەر پارەش بێت پارەیەکی حەڵاڵە، شـــەکر لە خەودا پارەیە، شەکری زۆر ئاژاوەیە، شەکر فرۆشتن باش نییە.

سەرچاوە: خەوننامە

## بۆ زاخـــاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (گوڵان) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (شتێکی سروشتیە، رەقە، بۆ کەرەستەی بیناسازی دەبێ)
- پیتی خانەکانی (٦+٧+٨) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی سپی)
- پیتی خانەکانی (٣+٤) کۆبکەیتەوە بە مانای (٥٠ دابەشی ٥ بکەی چەند دەردەچێ)
- پیتی خانەکانی (٨+٧+٦ ) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی ئاشتی)